# شەری عێراق ، مەیدانێکی لەبار بۆ درۆزنەکان

روژنامەی ئیندیپندت

وەرگێران : عوسمان ـــ م

رۆژنامەی ئیندیپیند بە ئاماژە کردن بە ناکامیەکانی ئەمریکا لە شەری عێراق و شەر لە دژی تیروریزم لە لێکۆڵینەوەیەک دا ئەنوسێ : وال جکسون ، پاش شەرە ناوخوییەکانی ئەمریکا ووتی : "شەر شوێنێکی گەورەیە بۆ درۆزنەکان". مەبەستی جکسون ئەوە بوە کە گومانە مەوجودەکان لە شەر دا شتێکە کە هەر کەسێک ئەتوانێ هەر ئیدیعایەک کە هەیبێت باسی بکا و ئومیدەوار بێ کە لەم ئیدیعایانە قازانجێک بەدەست بهێنێ.

ئیندیپند لەم لێکۆڵینەوە دا ئەنوسێ : جیاواز لە هەلومەرجێک کە شەر پێک دێنێ، عێراق خۆی شوێنێکی بەرهەم هێنەرە بۆ درۆزنی. بە پێی ئیدیعاکانی بوش، شەڕی عێراق زۆر پێشتر بە راگەیاندنی ئەو دەربارەی ئەوەیکە عەمەلیات تەکمیل و تەواو بوە، دەبو کۆتایی پێ هاتبا.

جەلال تاڵەبانی، سەرکۆماری عێراقیش لە حاشیەی کونفرانسی سەرانی ووڵاتانی ئەمریکای لاتین و عەرەب لە برازیل ووتی کە شەر تەنیا لە سێ یان چوار محافزە لە هەژدە محافزەی عێراق هەیە، بەڵام لە بەغدا 3000 سەربازی کورد یان پیشمەرگە شوێنی مانەوەی تاڵەبانی ئەپارێزن.

هیچ گومانی تێدا نیە کە ئەمریکا لە شەر دا سەرکەوتو نەبوە. زۆربەی ناوچەکانی عێراق خوێناویە و ئەرتەشی ئەمریکا ناتوانێ جادەی کورتی نێوان فرۆکە خانە و بەغدا کونترۆڵ بکا، لە حاڵێک دا گرنگترین جادەی عێراقە و ستادە غەیری سەربازیەکانی ئەمریکا لە ناوچەی سەوز بە ستادە سەربازیەکانی و ئوردوگای سەرکەوتن، وەسڵ دەکا. پەرەگرتنی شکستی ئەمریکا لە کونترۆڵ کردنی عێراق بەم راستیە کە بونی راگەیەنەرەکان لە بەغدا زۆر ترسناکە، داپۆشراوە.

لە درێژەی ئەم وتارە دا هاتوە : "هەواڵنێرانی لەگەڵ" دەبنە هۆی خۆشبینی غەڵەت. ئەمە بەو مانایە کە هەواڵنێران تەنیا لەو شوێنانە هەن کە هێزە ئەمریکاییەکانی هەڵسورن. هەواڵنێران نەترسانە هێرشی ئەمریکایان بۆ شاری فەلوجە تەعقیب کرد و راست بڵاویان کردەوە. بەڵام جیهانی دەرەوە لەم روداوە بێ خەبەر بوو، چونکە هیچ هەواڵ نێرێک لەگەڵ هێزە ئەمریکاییەکان نەبو. بۆچی ئەرتەشی زۆر بە تەجرەبەی ئەمریکا لە عێراق شکستی خوارد؟ پاش پەرەگرتن و زیاد کردنی توندوتیژیەکان لە مانگی رابوردو هیچ شک و گومانێکی نەهێشتوەتەوە کە ئەمریکا نەیتوانیوە خەڵکی راپەریو کە دەڵێ پاشماوەی حکومەتی سەدامن لەگەڵ ژمارەیەک هاوکاری خارجی ئەوان، شکست بدا.

بەشێک لەم شکستە سیاسیە. دەست بە جێ پاش روخانی سەدام راپرسیەکان نیشانیان دا کە خەڵکی عێراق لەوەیدا کە ووڵاتەکەیان داگیر کراوە یان ئازاد، توشی دوبەرەکیی قوڵ هاتون. بەڵام بە تێپەر بونی هەشت مانگ لە شەر، زۆربەی هەرە زۆری شیعەکان و سونیەکان لەو باوەرە دا بون کە ووڵاتەکەیان داگیر کراوە و لەم مەسەلەیە نارازی بون.

زۆربەی گوروپەکانی مقاومەت، عەرەبە سونییە موتەعەسوبەکانن کە شیعەکانیش وەک سەربازانی ئەمریکایی بە کافرانێک دەزانن کە کوشتنیان ئەرکێکی شەرعییە. گوروپەکانی تریش لە ژێر رێبەری ئەفسەرانی هیزە

ئاسایشە وەحشیەکانی زەمانی سەدامن. لە سەرەتاوە خەلەلێک لە ناو هێزە چەکدارەکانی ئەمریکادا هەبوو. توانایی ئاگری بەرینی ئەوان بەڵانگەری ئەوە بوو کە لە هەر جەنگێک دا سەر ئەکەون، بەڵام بەم مانایەش بوو کە بە شێوەی رێکەوت ژمارەیەکی زۆر خەڵکی غەیری چەکدار و ئاسایی عێراقیش ئەکوژن. ئەرتەشی ئەمریکا رێژەی زیانە غەیری سەربازیە عێراقیەکانی رانەگەیاندوە، بەڵام عێراقیەکان خۆیان ئەزانن کە چەندە لە هێزەکانیان کوژراوە. ماشینی جەنگیی ئەمریکا تەواو تەیار بوو، ئەرتەشی ئەمریکا بۆ شەر بە تکنولوژیی باڵا ئامادە بوو نەک کەمتر. ئەم هێزانە بەرانبەر بە بومبە چێنراوەکانی قەراخ جادەکان زەبر و زیان هەڵگر بون. تەنانەت پوچەڵکەرەوانی مینیش هیچیان پێ ناکرێ، چونکە قەراخ جادەکان پڕە لە ئاسنەواڵە. هەروەها ئەمریکاییەکان لە سەرەتا دا پێیان وانەبو کە تەواوی عێراقیەکان چەکیان هەبێت و بونی چەکیش بە نیشانەیەک لە بیری دوژمنانە نسبەت بە داگیرکەر بزانن.

ئیدیپندت لە بەشەکی تری ئەم لێکۆڵینەوە دا دەنوسێ : لە لایەکیترەوە هێزە ئەمریکاییەکانی ئامادە لە عێراق کەمن و تەنیا نیوەی ئەم هێزانە کە 145 هەزار کەسن، هێزی جەنگین. بۆ نمونە لە شەری فەلوجە ناچار بوو کە زۆربەی هێزەکانی خۆی لە ناوچەکانی تری عێراق بۆ ئەم شارە بگۆزێتەوە.

ئەرتەشی ئەمریکا وەک مەفرەزەیەکی ئاگر کوژێنەوە رەفتار ئەکا، بە شێوەیەکی کاریگەر بڵێسەکانی ئاگر کەم ئەکاتەوە بەڵام بەر لە دامرکانی ئاگرەکە بە تەواوی ئەو شوێنە بە جێ دێڵێ. کەمبونی هێزە ئەمریکیەکان هۆکارێکی سیاسی هەیە، دونالد رامسفلد، وەزیری بەرگری ئەمریکا بەر لە شەر گاڵتەی بەو ئەفسەرانە ئەکرد کە ئەیانوت سەدان هەزار هێزی خارجی بۆ پاراستنی عێراق پێویستە. بەڵام ئەم هەڵەیە لە عێراق بۆ ئەوان سەلمێندرا.

ئەمریکا بۆ ئەوەی بارەکە لەسەر شانی هێزەکانی لابات بیری لە هێزە ئەمنیەتیەکانی عێراق کردەوە. بەڵام ئەم سیاسەتە لەگەڵ شکست بەرەورو بوە. گرفت لێرە دایە کە هێزە عێراقیەکان بە زۆری لەو گوروپە چەکدارانەن کە پێشینەی قەومی یان مەزهەبییان هەیە. باشترینی ئەم هێزانە پێشمەرگە کوردەکانن و گوروپە شیعەکانیش سەر بە سپای بەدرن.

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوە دا هاتوە : گەورەترین شکستی ئەمریکا لە عێراق ئەو هەڵانە نییە کە توشی بون، بەڵکو موشکل سیستمێکی سیاسییە کە توانای قەرەبو کردنەوەی ئەو شکستانەی نییە.